کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:01 16-6-2007

## ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک و وەڵامێک بۆ ڕەنوو کۆیی ... محەمەد شکاک

Shkak91@gmail. com

سەرهەڵدنی هەڵەیەکی تەکنیکی لەلای خۆم چەند ڕۆژێك لەمەو بەر لە سایتە جوانەکەی chrax بابەتێك بەناونیشانی (لەیلا فەریقی ئەوەندەی حەزت لە دۆڵمەیە ئەوەندەش حەزت لە هونەر بوایە بێ شك دەبویتە سە فیری گۆرانی کوردی) بڵاوکرایەوە من هەرکە ناونیشانەکەیم خوێندەوە زانیم کە ئەوەش نوسینێکە لەو نوسینانەی کە بەبە ردەوامی دەنوسرێن و ئامانجیشیان لەو نوسی نانە لەکەدارکردنی هونەرەکەی (لەیلا فەریقی) ە بۆیە ئامادە نەبووم کاتی خۆمی پێ سەرف بکەم نەمخوێندەوە و سەیڤم کرد لەلای خۆم بۆ ئەوەی لە کاتی دەست بەتاڵی دا بی خوێنمەوە
دواتر لەکەناڵی ڕۆتانا گۆرانیەکەی لەیلاو عەلی حەجارم بینی و دواتر کچێکی میسری لە قاهیرەوە تەلەفونی کردو دووبارە دوای ئەو گۆرانیەی کردەوە و دواتر کچەکە بەزمانێکی پاراو وەکو ئەوەی کورد بێت گۆرانی گویم لێ گرن ی لەیلای بە بێ هەڵە گوتەوە و لەکۆتای پەیوەندیەکەشی کچەکە گوتی من بەزمانی کوردی ئاشنا نەبووم بەڵام بە هۆی لەیلا فەریقی یەوە ئاشنایەتیم لە گەڵ گەلی کورد پەیدا کرد
من کە گوێ بیستی ئەوە بووم زۆر شادوومان بووم بۆیە لەسەر ئەو سەرکەوتنەی لەیلاو ئەو دەنگدانەوەیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکم نوسی و ویستم بۆ سایتی (کوردستانێت) ی بنێرم بە ڵام لەو کاتەی (ئەتاج فایلم) کرد لەبری ئەوەی بابەتەکەی خۆم بنێرم بۆ کوردستانێت بابەتە نادروست و پڕ چەواشەکاریەکەی (ڕەنوو کۆیی) م نارد
من وەکو لە ڕونکردنەوەکەش ئاماژەم پێدا من هیچ گلەییەکم لە ستافی کوردستان نێت نیە چونکە ئەو هەڵەیە لەلایەن خۆمەوە سەری هەڵدا

(دوای لێبووردنێك لە ماموٚستا هەڵکەوت زاهیرو لەیلافریقی و هێمن ئاری براو ڕۆژنامەی خەباتی خۆشەویست)
دوای ئەوەی بەهۆی سەرهەڵدانی ئەو هەڵەیەوە بابەتەکەی ڕەنووکۆیی لە کوردستان نێت بەو جۆرە لە ژێر ناوی من بڵاوکرایەوە (لەیلا فەریقی و چاوپێکەوتنەکەی ڕۆژنامەی خەبات_ محەمەد شکاک)
بۆیە من وەکو لە ڕوونکردنەوەکە ئاماژەم پێدا ئەوە نوسینی من نەبووە و چونکە من کە شت دەنوسم زۆر بە وویژدانەوە دەنوسم کە دەنوسم شتە جوان و ناشرینەکان لێك جودا دەکەمەوە کە دەنوسم حەق و ناحەق لێك جودا دەکەمەوە کە ئەوە سیفاتی نوسینەکانی من بێت چۆن بە ئاوازە نایابەکانی ماموٚستا و ئاواز دانەری بلیمەت هەڵکەوت زاهیر دەڵێم (بە ئاوازە پینەو پەڕۆکانی هەڵکەوت زاهیر لەیلا بەرەوە لوتکە ناڕوات) بە پێچەوانە لەیلا بە ئاوازەکانی هەڵکەوت زاهیرەوە جوانە دوایین بەرهەمی لەیلا گەواهی ئەوە دەدەن
لە بەشێکی ئەو نوسینەی ڕەنوو کە لە کوردستانێت لە ژێر ناوو وێنەی من بڵاوکراوەتەوە هاتووە کە (هونەرەکەی لەیلا فەریقی خەریکە بەرەو کوژانەوە ڕوات) لەوەشیانە ئەو برا کۆییە بە هەڵە داچووە چونکە لەیلا بەو بەرهەمە تازەیەی لەنێو خەڵکی زیاتر دەرکەوت وئێستاش گۆرانیە تازەکانی لەیلا لە سەر زاری گەنجانماندایە ئێستاش گۆرانیی تازەکانی لەیلا زەنگی مۆبایلی گەنجەکانمانە ئێستاش گۆرانیی تازەکانی لەیلا لەئەو هیتفۆنانەیە کە گەنجانمان لە گوێ ی دەکەن وبە گۆرانیەکانی لەیلا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەست دەبن و پێ ی دەچنە دونیایەكی تر و گۆرانیەكانی لەیلا ئێستاش لە كەناڵی جیهانیەكانی وەك (ڕۆتانا و مبلۆدی و دریم و مەزیكا و هتد ... ) دادەبەزێت و ئیتر سەركەوتن لەوە زیاتر چیەو بە تازە بە چی مەشخەڵی هونەرەكە ی لەیلا دەكوژێتەوە
دواتر لە بە شێك لەنوسینەكەی ئاغای ڕەنوو داهاتووە كە پرسیارەكانی هێمن ئاری لاوازن
من لە كاك ڕەنوو دەپرسم ئەگەر تۆ پرسیارەكانی كاك (هێمن) ت پێ لاوازە دە فەرموو تۆ دیمانەیەك لە گەڵ هونەرمەندێك سازبكە با پرسیارەكانی تۆش ببینین بزانین تۆ چ زاناو بلیمەتێكی
دواتر لە بەشێكی نوسینەكەتدا باس لە ڕۆژنامەی خەبات دەكەیت ئەو ڕۆژنامەیەی كە پێش لە دایكبونی جەنابت ڕۆژانە بەو هەموو نەهامەتی ماڵ وێرانیەوە دەردەچوو
دەباش بزانە ڕۆژنامەی خەبات و هەڵكەوت زاهیرو لەیلا فەریقیش و خاوەن سەنگێكی خۆیانن لەناو خەڵكی بۆیە نە بە نوسینەكانی تۆو نە بە نوسینی هاوشێوە كانی تۆش ئەو ناو بانگەیان لە دەست نادەن

**من نەم دەویست وەڵامی ئەو برا كۆییە بدەمەوە بەڵام سەرهەڵدانی ئەو هەڵە تەكنیكیە لای خۆم ناچاری كردم ئەو وەڵامەش بنوسم

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.